# چەند سەرنجێك دەربارەی فیكری لیبراڵ

موراد فەرهادپور

وەرگێڕانی: وەلید عومەر

ڕەنگە هەڵبژاردنی بابەتی لیبراڵیزم بۆ ڕەخنەکردن، لەم کاتەدا زۆرگونجاو نەیەتە بەرچاو. بەڵام ئەمڕۆ نیولیبراڵیزم [کە سەر بە قوتابخانەی لیبراڵیزمە]، لەئاستی جیهانیدا بووەتە کێشەیەکی بنچینەیی. ئێستا ئیتر ئەو ڕاستییە ڕوونبۆتەوە کە نیولیبراڵیزم جیهان بەرەو بەربەریەت دەبات و، ڕەهەندە هێجگار دژەدیموکراسییەکانی تەنانەت دیموکراسیەتی ڕواڵەتی [و باویشی] تێپەڕاندووە و ڕێسا ئاساییەکانی گەمە ئایدۆلۆژییەکەش ڕەچاوناکات. بیرماننەچێت نارەزایەتیی خەڵکی یۆنان بۆ ئەوە [بوو] کە بڕیارە سەرەکییەکان لە برۆکسلەوە دێت. ئەم دیموکراسییە چ مانایەکی هەیە؟ نەزم و ڕێکخستنی سەرمایەداریی جیهانی، ڕێک لەسەر بنەمای مۆدێلی چینی دەڕواتەپێشێ و ئەوەتا داوەشانی ئەورووپا بە بەرچاومانەوە ڕوودەدات. دەرەنجامە دڕندانە نوستووەکانی ناو ئەم نیولیبراڵیزمە، وەک جۆرێکی نوێ لە ڕێکخستنێکی تر بەتەواوی خۆی دەرخستووە و، خوێندنەوە و تاوتوێکردنی تیۆرییانەی لە ئاستی جیهانیدا، بۆ پاراستنی تۆزێک ئینسانیبوونیش بێت هەر پێویستە.

سەبارەت بە ڕەوش و هەلومەرجی تایبەتی ئێرانیش وێڕای ئەوەی کۆی ڕەوتە تیۆرییەکان هەڵگری کەموکورتی و کەمایەسین، کەچی بزاوتی لیبراڵیزمی ئابوری پێگەیەکی جیاوازی هەیە. ڕاوبۆچوونەکانی کەسانی ناو ئەم ڕەوتە، سەرکەوتووانە جێبەجێکراوە و ئارەزووەکانیان بەدیهێنراوە. بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ زۆرجار بینیومانە کە دابەشکردنی سامان و سەرچاوەکان بەشێوەیەکی شاراوە و نهێنی لە ڕوسیا، شیلی، ئەرجەنتین، ئەفریقا، و ئەمریکای لاتین چەندین جار ڕوویداوە. لە پشت

و پاشەملەوە، "بەتایبەتیکردن یان بەشەخسیکردن" و "دابەشکردنی سامان" ڕوودەدات و پاشان دەکەونە بیری ئەوەی بەهۆی قەیرانێکەوە، تەقینەوەیەکەوە، جەنگێکەوە دەرخواردی خەڵکی بدەن و پاساویشی بۆ بێننەوە. خەڵک چاودەکەنەوە و دەبینن هەموو شتێکیان لەدەستداوە و تەنیا هێزی کاریان بۆ ماوەتەوە تاکو بیبەن و لە بازاڕ بیفرۆشن[...]. ئەم پرسیارە خۆی قووتدەکاتەوە کە بۆچی تاوتوێکردنی تیۆریی دیموکراسی و دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لەم هەلومەرجەدا وەک شتێکی پێوست دێتەبەرچاو؟ بە هێنانەوەی وتەیەک لە "گرامشی"یەوە وەڵامی‌دەدەمەوە؛ ئەویش لەو جێیەدا کە ماکیاڤێلی دەبەستێت بە وێنەی "سانتور"ـەوە: ئەو بوونەوەرە ئوستورەییە یۆنانییەی کە تێکەڵە و تێهەڵکێشی ئینسان و ئاژەڵ بوو. بوونەوەرێکی دوولایە کە لایەکی ئینسانە و لایەکەی تریشی ئاژەڵ. گرامشی، بەشێوەیەکی دیالەکتیکی ئەو خاڵە دەورووژێنێت کە ئەم دووانە لەگەڵ یەکتردا تیکەڵ یاخود دابەشنابن و یەکتری کامڵ و تەواوناکەن. شتەکە بەو جۆرە نیە یەکیان کەمزیاد بکات و ئەویدیکە وەک خۆی بمێنێتەوە. بەڵکو لەوپەڕی کەمبوونەوەی یەکیاندا، ئەویتریان دەردەپەڕێت و هەڵدەقوڵێت. نمونەی ئاشکرای ئەم جۆرە دیالەکتیکە بریتییە لەو کەسانەی کە لە مێژوودا هەموو شتێکی خۆیان لەدەستدەدەن و دەکەونە بەر شاڵاوی هێزە دەرەکییەکان و بوونی فیزیکی و جەستەییان دەکەوێتە مەترسییەوە و وەکو ئاژەڵێک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ڕێک ئا لەو ساتەدا کە چاوەڕێین خولقوخووی ئاژەڵییانە خۆی دەربخات، کەچی ئەوان دەگۆڕێن بۆ نوێنەرەوە و نوێنەرانی ***یونیڤێرساڵ*** و حەقیقەتی گەردوونی و گشتەکی؛ دەبنە نوێنەرانی عەدالەت، ئازادی، ئینسانیەت، کەرامەت و شکۆی ئینسانی. واتە ڕێک لەو دەمەدا کە قەوارەی فیزیکی و جەستەییان وەک مرۆڤێک لەژێر پرسیاردایە، ئەوان دەچنە خانەی "ئایدیا"ـەوە بە مانا هیگڵییەکەی. ئەمەش ڕێک ئەزموونی ئەمڕۆکەی ئێمەیە. هیچکەس چیتر ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە کۆمەڵگا[کانمان] ڕووبەڕووی قەیرانێکی سەرانسەری بوونەتەوە. لە فۆرمە ئابورییەکەیدا، گرانی، بێکاری، هەڵاوسان و هێرشبردن بۆ سەر دۆخی جەستەیی مرۆڤەکان دەبینرێت و، لەم بارودۆخەدایە کە گفتوگۆی تیۆری لەبارەی نەریتەکانی چەپ، لیبراڵ، دەوڵەت، کۆمەڵگای مەدەنیەوە دەبێتە شتێکی زەرووری و ناچاری. لەم پنتەدا ئەم دیالەکتیکە ئەوەمان پیشاندەدات کە چۆنچۆنی پێویستە لەم بارودۆخەدا قسە لەبارەی بابەتە تیۆرییەکانەوە بکەین. لە بارودۆخێکدا کە چینی ناوەڕاست سەرقاڵی [بۆنە و جەژنەکان] و شتکڕینە لە بازاڕەکاندا، لەلایەکی تریشەوە کەمینەیەکی تازەپیاکەوتوو و تازەدەوڵەمەند بەهۆی ئەم بەربەریەت و بێکاری و هەڵاوسانەوە، پارەیەکی زۆری ڕژاندۆتە گیرفانی خۆیەوە و بیروهۆشی بەلای شتی تردا ناچێت جگە لە کڕینی سەعاتی ئەڵماس‌نیشانی ٦٥٠ ملیۆن تومەنی، و ئەوەندەش کورتبین و بێ‌سەقافەتە کە تەنانەت نازانێت پارەکەشی خەرجبکات. دەبێت

ئاگاداربین لەولای ئەو فرۆشگایانەوە کە ئێمە سەریان پیادەکەین و ڕۆژانە ڕاستەوخۆ وەک ترافیک بەریاندەکەوین، چەند کیلۆمەترێک لەولاتر شەڕ و ململانێیە لەسەر ژیان و گوزەران. ئەمڕۆ کێشەکە کڕینی چەرەزات و ئابلۆقەی فستق و بستە نیە، کێشەکە نان و ئاو و داودەرمان و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانە. هەروەها لەبەر ئەم پێکدادانە و بەپێچەوانەی ئەو تێڕوانینەوە کە گوایا ئێستا وەختی ئەم قسە و باسانە نیە، ئەوا بەپێی نمونەکەی گرامشی ڕێک لەم وەختی گیانەسەری و چەرمەسەرییەدایە کە باسی هیگڵ و مارکس و لیبراڵیزم و چەپ و کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە مەسەلەیەکی جدی. لەم ڕوانگەیەوە ئەنجامدانی دانیشتنی لەم جۆرە سودی زۆرە و ئەو کەسانەی کە دەتوانن ئەم دانیشتنانە بڕەخسێنن یان نەڕەخسێنن، ئەوا دەبێت بزانن ئەم جۆرە باس‌وخواسانە لە پێویستیی هەموومانەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕەنگیداوەتەوە، ئەویش لەو پێناوەدا تاکو بتوانین وەکو مرۆڤ بەتەنیشتی یەکترەوە بژیین و ڕێنەدەین بکەوینە ناو گێژاوی بەربەریەتەوە...

خاڵی دووەم ئەوەیە کە لە جەنگ و جەدەلی سیاسییدا، پیاکێشان و بەرکەوتن ی [زمانەوانی] هەر هەیە. هەندێجار خۆم وشەی "لیبراڵ"م وەک جنێو بەکارهێناوە، وەکچۆن لایەنی بەرامبەریش بەپێی پێویستی و زەروورەتەکانی خۆی ناووناتۆرەی "ستالینیزم" بەکاردێنێت. بەڵام بێ هیچ دوودڵییەک لە ساتی ڕوودان و پێشهاتندا، لەو جێیەدا کە مشتومڕی سیاسی و ئایدۆلۆژی لەئارادایە، دەمەقاڵێ و بەرکەوتنیش دروستدەبێت و ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە. دیارە یەکێک لە خەوش و کەموکورتییەکانی لیبراڵیزمی شل‌وشێواوی ئێرانی[1] ئەوەیە کە تەنانەت بەپێچەوانەی مێژووی دەوڵەمەندی لیبراڵەکان خۆیشیانەوە لە ململانێدا، باسی دژایەتیکردنی توندوتیژی دەکات کە وەردەگەڕێت بۆ دژایەتیکردنی سیاسەت و ململانێش. باسکردنی ئەوەی گوایا چەپەکان بە زبری قسەدەکەن و ئێمە ترسمان هەیە و هتد، هەڵهاتنە لەوەی بێنە مەیدانەوە و قسەبکەن. هەرکەسێک بڕێک چالاکیی سیاسیی هەبووبێت تێدەگات لە مشتومڕدا جاروبار بەشێوەیەکی بێ‌ویژدانانە خاڵی لاواز یان پاژنەی ئاخیلی نەیارەکە دەقۆزرێتەوە و دەپێکرێت. با بگەڕێینەوە لای باسە تیۆرییەکە.

**لیبراڵدیموکراسی**، ناوە سیاسییەکەی کۆی مۆدێرنەیە. هەر شتێک لەمدیوی شۆڕشی فەرەنساوە ڕوویدابێت، لە گەشە و جەنگ و داهێنان و وێرانکردن، هەمووی لەم چەمکەدا جێی دەبێتەوە. هیگڵ و مارکس و شمیت و ڕاسێل و فۆکۆ و مۆدێرنیستەکان و پۆستمۆدێرنیستەکان هەموویان لەم باسەدا جێیاندەبێتەوە. گەر بمانەوێت پارچەکانی لیبراڵدیموکراسی بکەینەوە ئەوا دەگەینە سەر کۆی پرۆژەی مۆدێرنە.

باسەکە لەسەر ئەوەیە کە مارکس دەریخست ئەم پرۆژەیە هاوشانە لەگەڵ پرۆژەی باڵادەستیی چینێکی تایبەت بەناوی "بۆرژوازی"ـەوە و، درووستبوونی شێوازێکی تایبەتی بەرهەمهێنانە کە مارکس خۆیشی زۆر بە پەرۆشەوە و بگرە بەشێوەیەکی مناڵانەش لە **مانیفێستی کۆمۆنیستدا** ستایشی دیوە داهێنەر و نوێگەراکانی دەکات. گەر بمانەوێت بەشە مارکسییەکە لەم پرسە جیاکەینەوە ئەوا پێویستدەکات بڵێین: بەڵێ چینێکی نوێ هاتۆتەئاراوە. وەکچۆن هیگڵ بڕوای وابوو بەهۆی ئەم پرۆژە نوێیەوە بوو کە دەوڵەت مانایەکی ئەخلاقیی وەرگرت، لەوەوپێش دەوڵەت ئامرازی دەستی هەندێک پاشا و دەرەبەگ و دەسەڵاتدار بوو تاکو بکێشن بەسەری ئەوانیتردا و حوکمی خۆیان بکەن.
کۆمەڵگای سیاسی، کۆمەڵگای مەدەنی، تاک و هەموو دامەزراوە مۆدێرنەکانی وەکو پەروەردە و فێرکردن، نەخۆشخانە، زانستی نوێ، گەشەی تەکنۆلۆژی هەمویان تێکڕا لەگەڵ "یەکێتی و هاوپشتیی کۆمەڵایەتی" یان "دەوڵەت"دا لەژێر ناونیشانی جۆرە جەوهەرێکی ئەخلاقی(Ethical Substance)دا درووستبوون و، ئەمەش هیچ گومان و دوودڵییەکی تیا نیە. بەڵام نابێت تەنیا وەک گەشە و جووڵە سەیری ئەم قۆناغە بکەین. بەشە جیاجیاکانی ئەم جووڵە و بزاوتە، هاوشانە لەگەڵ شێوازی جیاجیای پەرەسەندنی باڵادەستیی چینێک و مۆدێلێکی تایبەتی بەرهەمهێنان و جۆرێکی تایبەتی ڕێکخستن کە ئەویش هاوڕێیە لەگەڵ دەستەویەخەبوون و بەکارهێنانی زەبر و بازوو و هەروەها جۆرەها ئایدۆلۆژی، ڕێکەوتن و سازان، تەبایی و پەیوەستبوون، چوونەپێش و پاشەکشەدا. گەر ئەم دیوەیان بسڕینەوە، ئەوا دەتوانین چی بڵێین دەرهەق بە کارەساتەکانی ئەم قۆناغە، دەرهەق بە دوو جەنگی جیهانی، هەژاری و نەداری، ئەزمونی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوە؟ [گەر ئەمانە لەبەرچاونەگرین ئەوا] دەبێت ئەم ئەزمونانە تەنیا وەک پاشەکشێی کاتی سەیربکەین بەسەر شاڕێی پێشکەوتن و گەشە و هەڵکشانەوە کە دواجار هیچ نامێنێتەوە جگە لە ئەزموونێکی تەکنۆلۆژیی ڕووتەڵە و ترۆهات. چونکە تەنانەت لە دیدی لیبراڵیزمیشەوە ناتوانین باسی بزاوتی جیهان بکەین بەرەو چەمکی "پێشکەوتن". خودی خۆشمان بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و بەرجەستە ئاشنای ئەزمونی پاشکەوتن و ڕووخان و کەوتنین. دەبێت ئەم دوالیزمە بهێڵینەوە و بیپارێزین. چونکە هەندێک لە ڕەهەندەکانی ئەم جووڵان و بزاوتە، تەنانەت لای خودی مارکس و ئەو پرۆژانەش کە لە هەناوی مارکسەوە دێنەدەرێ قابیلی ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن نین. تەنانەت گەر گریمانەی ئەوەش بکەین کە مارکس، "**سەرمایە**"ی تەواوبکردایە و چەمکی "دەوڵەت" و "بازاڕی جیهانی"ی دابڕشتایە و پرۆژە و پلانەکەی خۆی بگەیاندایەتە خاڵی کۆتایی، ئەوا دیسان کۆمەڵێک شت هەبوون کە لەم پرۆژەیەدا نەدەهاتن، بۆنمونە ئەو قسانەی کە کارل شمیت و فۆکۆ کردوویانە لەم نەخشە و پرۆژەیەدا نەهاتووە و ناتوانێت

وەلامبداتەوە. حەکایەتی درووستکردنی دونیایەکی نوێ، حەکایەتێکی دووسەرەیە. ئەم دونیا نوێیە لەژێر نفوزی چینێکی نوێدا درووستدەکرێت کە هەڵگری کۆمەڵێک پەیوەندیی نوێیە. سەرەنجام، "توندوتیژی و زەبروزەنگ" و "دەسەلات و بالادەستبوون" بەشێکن لێی، بەلام هاوکات شتانێک درووستدەکات و هەندێک گۆڕانکاری دەخاتە ژیانمانەوە کە ڕەنگە نەتوانین ڕاستەوخۆ بیانبەستینەوە بە پرۆژەی سوڵتە و بالادەستبوونەوە. ناتوانرێت هیچکام لەم دوو سەرە پشتگوێبخرێت. گەر دیوە ڕەخنەییە مارکسییەکە بخەینەلاوە، ئەوا نوسخەیەکی گاڵتەجاڕ و سادەی "پێشکەوتن"مان بۆ دەمێنێتەوە و، لەبەرامبەریشدا گەر بمانەوێت تەنیا جەخت لەسەر دیوە مارکسییەکە بکەینەوە ئەوا پێدەچێت نەتوانین زۆرێک لە ڕەهەندەکانی ئەزمونی کۆمەلایەتی لە هەناوی "سەرمایە"وە هەڵگۆزین. کەواتە درێژەدان بە باسە تیۆرییەکە و دەوڵەمەندکردنی لەڕێگەی شەهامەت و ئازایەتیی تیۆرییەوە، شتێکی زەروورییە.

**لیبراڵدیموکراسی** چەمکێکی هێجگار بەرفراوانە و مایەی مشتومڕی فەلسەفی، کۆمەلایەتی و ..هتد. گەر دیوە مشتومڕئامێز و جەدەلییەکەی بخەینەلاوە، ئەوا پێویستە دیوە تیۆرییەکەی لە شێوەی نوسین و بابەتەکانی لایەنی بەرامبەردا درێژە بە خۆی بدات. دەمەوێت بە ئیلهاموەرگرتن لە شمیت هەریەک لە دیوە *لیبراڵ* و *دیموکراسییەکەی*زاراوەی لیبراڵدیموکراسی لێکجیابکەمەوە.

دوا ڕیشەی لیبراڵ دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێک لە پێکدادانی ئەریستۆکراتیەتی ئەورووپی لەگەڵ پرۆژەی "دەوڵەتی ڕەها" کە لە سەدەی ١٦ و ١٧ لە ئەورووپادا کەوتە سەر سکە و، لوتکە و چلەپۆپەکەی بریتیبوو لە لویی چواردەیەم. خەم و خواستی ئەوان سنورداركردنی دەسەلاتی ڕەهای پاشا[2] بوو، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو سنورانەی کە وردەوردە ئایدیای "فەرمانڕەوایی یاسا"ی لێ هاتەدەرەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، زۆرجار ئەم سنوردانانە لە شێوەی ئەنجومەنێکی ڕاوێژکارییدا بووە کە لە پیاوماقوولان و ڕیشسپێکان و کەسانی دیاری مەملەکەت پێکهاتووە. لەمەدا هیچ شێوازێکی دیموکراسییانە لەئارادا نیە. نە فڕی بە هەڵبژاردنەوە هەیە و، نە فڕی بە خەڵک و هیچ شتێکی تریشەوە هەیە. ئەم ئەنجومەنەی ڕیشسپییەکان، تەنیا بۆ سنورداركردنی دەسەلاتی ڕەها و ملهوڕانەی پاشا درووستبووە. کارل شمیتیش هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە ڕەخنەی "پارلەمانتاریزم" دەکات: **پەرلەمانە ئەورووپییەکان سەرەڕای دیوە دیموکراسییەکەیان، کەچی بوونەتە جێیەک بۆ نوخبە و ئیلیتەکان تاکو پارە و دەسەلات لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەن**. ئەم مەسەلەیە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر شێوگ و پرۆسەی نادیموکراسییانەی لیبراڵدیموکراسی.

لەبەرامبەردا، دیموکراسیمان هەیە کە ئەویش هەر لێڵ و تەمومژاوییە، چونکە لەگەڵ پرۆژەی دەوڵەت و فراوانکردنەوەیدا دێتەگۆڕێ. شێوازە تازەکانی دەسەلات، جۆرەکانی

ڕێکخستن و سازدانی دامەزراوە نوێیەکان، چ لە قاڵبی «دەزگا ئایدۆلۆژییەکان»ی ئاڵتۆسێر و چ لە قاڵبی «حکومەتمەندی-govermentality»ـەکەی فۆکۆشدا بێت، هەر فەرق ناکات. گرنگ ئەوەیە وەکچۆن هیگڵیش وتبووی: "کۆمەڵگای مەدەنی" جودا نیە لە »دەوڵەت» و «کۆمەڵگای سیاسی»، بەڵکو بە مانایەک لە ماناکان پێکەوە لەگەڵ خێزان و دەوڵەتدا **گشت** و **کۆ**یەک پێکدێنێت کە تێکڕا لەسەربنەمای پرۆسەی گواستنەوەی مۆدێرنە، تێپەڕین لە فیودالیزم و بازدانی بۆرژوازی درووستدەکرێن. لە شۆڕشی فەڕەنسادا ئەم پرۆسەیەمان بەشێوازێکی زۆر درامایی بینی. ئەم چینە لە فەڕەنسا تا ١٠٠ ساڵ دواتریش هێشتا هەر جووڵە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی پاراستبوو، گەرچی لە زۆر جێی تردا، بە وتەی گرامشی، بەر شۆڕشێکی پاسیڤ دەکەوین کە ئەم بیناکارییە نوێیانە لەڕێگەی نوخبەکان و دەسەڵاتی دەوڵەتەوە دەگاتەئەنجام. چەشنی ئیتالیا و ئەڵمانیا، چەشنی هەموو جیهانی سێیەم کە هەر بۆرژوازیی نیە تاکو بیەوێت شۆڕشگێڕانە بێت یان ڕەتیبکاتەوە و، کۆی ئەم پرۆژەیە حاڵەتێکی ناسیاسی و ناڕادیکاڵی هەیە و [وەک سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا] چرکەساتی ژاکۆبنی/یەعقوبییانە[3]ی بەزەقی تیا نابینرێت؛ لەبەر ئەمەشە کە دواتر فاشیزم لە ئیتالیا و ئەڵمانیاوە سەردەردێنێت.

لە بزاوتی مۆدێرنە یان لیبراڵدیموکراسی دا، ڕەوتە دیموکراسییەکەی هاوشانە لەگەڵ ئامادەیی سیاسیی "خەڵک"دا و هەم لەگەڵ پرۆژەیەکی دەوڵەتییشدا. جیاوازییەکە لێرەدایە کە ئاخۆ لە وڵاتە جیاجیاکاندا کام لەم دووانە دەستێکی باڵاتری هەیە و دەوڵەت دەگۆڕێت بۆ ئەو ئۆرگانە توندوتیژییە ڤیبەرییە، واتە وەک دەسەڵاتێک کە پاوانکردنی زەبروزەنگ و دەسەڵاتی سەربازیی لە دەڤەرێکی جوگرافیدا خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

یان بە وتەی گرامشی، دیوی باڵادەستی(Domination) لەگەڵ دیوی هەژموونییدا بەیەکەوە دەبەسترێت و تێکەڵەیەکمان لە *زەبر* و *ڕێکەوتن* دەستدەکەوێت. لێرەدایە کە گەر بمانەوێت ئەم دووانە وەکو شمیت لێکجیابکەینەوە، هەم ڕەخنەی لیبراڵ وەک جۆرێک "داخستنی ڕێگەی سیاسەت" دێتەکایەوە، هەروەها ڕەخنەی دیموکراسییش وەک شێوازێکی تەمومژاوی کە هەم دەتوانێت "دەسەڵاتی خەڵک" پیشانبداتەوە و هەم زۆرجاریش پۆپۆلیزم و فاشیزم دەبێتە جۆرێک لە باڵادەستیی دەوڵەتی کە خەڵکی بەکاردێنێت. خەڵکێک کە سەرەتا لە کۆمەڵگای نوێدا لەڕێگەی دەوڵەت و لە قاڵبی قوتابخانە، نەخۆشخانە، شارەوانی، خێزان و دەزگا جیاجیاکاندا ڕێکخراون. لە تێکەڵکردنی بوونەوەرەکەی لیبراڵ-دیموکراسی دا ئەم دوو شێوگە دەبینرێت. بەپێچەوانەی ئەو بانگەشە ئایدۆلۆژییەوە کە گوایا پایەی دەسەڵاتی هەژموونی بریتییە لە بۆرژوازی و، لیبراڵ-دیموکراسییش وەک کۆیەکی پیرفێکت، بێ‌کەلێن و بێ‌دژیەکی لەبەرچاودەگرێت. بەشێوەیەکی سادە دەتوانین ئەوە پیشانبدەین کە هەم

شێوگی لیبراڵ و هەم شێوگی دیموکراسی هەڵگری هەندێک ڕەهەندی دەرەسیستەمن؛ هەڵگری هەندێک ڕەهەندی تەقینەوە کە لەسەر بنەمای قەومان و چرکەسات و دەرگیری و لەدەرەوەی ئەم یارییە بەڕواڵەت ناتوندوتیژ و تەوافوقییەوە کاردەکەن. لە قاڵبی لیبراڵ-دیموکراسیدا لە هەر کونجێکی دونیادا لە سویسرا و ئەمریکا و ئینگلتەراوە بیگرە تا هەر جێیەکی تر "پۆلیس" و "سوپا" لە دەرەوەی ئەم مەسەلەیەوەیە. چ بلێر لەسەر حوکم بێت یان گۆردۆن براون، دواجار هێزەکانی پۆلیس و سوپا هەر لە دەرەوەی هەڵبژاردنەکان(ئینتیخابات) دەمێننەوە. تەنانەت لە دەرەوەی ئەنجومەنی پیاوماقوڵان و میدیا و هتد ئیشی خۆیان دەکەن و کەسیش ناتوانێت پەنجەیان پێوەبدات. هەڵبژاردنێکیش لەئارادا نیە. لەژێر چاودێریی هیچ دەزگایەکیشدا نین و، ئەمڕۆ لەئەمریکا و ئینگلتەرا و هەر دیموکراسییەکی پێشکەوتووی تریشدا هەرکارێکیان پێ خۆش بێت ئەنجامیدەدەن، تا ئەو ڕادەیەی کە خودی کاربەدەستانی دەوڵەتیش ئاگایان لێی نیە. مرۆڤ دەڕفێنن، ئەشکەنجە دەدەن، بۆمب دادەهێنن، ئەلقاعیدە درووستدەکەن، کەسیش ناوێرێت بڵێت بەری چاوتان کلی پێوەیە. سرووشتی بنچینەیی پۆلیس بە وتەی واڵتەر بنیامین لە کاتی جێبەجێکردنی یاسادا، لەبنەڕەتەوە لە دەرەوەی ئەم ڕێسایانە کاردەکات. چونکە هەرگیز یاسا ناتوانێت هەلومەرجی جێبەجێکردنی خۆی دەستنیشان بکات. **یاسا تەنیا دەڵێت دزبگرن، ئیتر جێبەجێکردنەکەی شتێکی تەواو تەفسیری و تەئویلییە**. دەتوانن دەستی دز بابدەن و ئێسقانی بهاڕن و بە تێهەڵدان سواری ئۆتۆمبێلی پۆلیسی بکەن و دەتوانرێت وەکو فیلمە هۆلیودییەکان ڕێزیان لێ بگیرێت. [بەڵام] من نەمدیوە پۆلیس لە هیچ جێیەکدا بە ڕێزەوە مامەڵەبکات. ئەم دیوە دەرەکییەی لیبراڵ-دیموکراسییە کە لە هەموو جێیەکدا بە شێوەیەکی کاریگەر ئامادەیی هەیە و ڕێساکانی یارییەکە تێکدەدات. لەولاشەوە، لە بەشە دیموکراسییەکەدا دیوێکی دەرەکییمان هەیە. ئامادەیی بەهێزی خەڵکێکمان هەیە لە هەڵبژاردنەکان، خۆپیشاندانەکان و هتددا کە یارییەکە تێکدەدات. کەواتە ناتوانرێت بەشێوەیەکی هابەرماسی، بەهۆی گفتوگۆوە شەڕوململانێ چارەسەربکرێت. دەسەڵاتی هەریەکە لەم دوو لایەنە هەر بە زاتی خۆی لێکجودایە. یەکێک لەم جیاوازییانە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی توندوتیژی: **لە زیادە و پاشماوەکەی** "پۆلیس"دا هەمیشە توندوتیژی ئامادەیە، بەڵام **لە زیادەکەی خەڵکدا** هیچکات توندوتیژی ئامادەیی نیە؛ دەسەڵاتی **زیادەکەی** خەڵک پێویستی بە شتێکە کە نە یاسایە و نە شێوازی جێبەجێکردنیشی؛ نە دەزگا و ڕێکخراو و بەرنامەڕێژییش. سەرەنجام بەتەواوەتی وەک زیادەیەک لە ساتە مێژووییەکاندا دەردەپەڕێتە دەرەوە و لە دەرەوەی ئەم ڕێسایەی لیبراڵدیموکراسییەوەیە [واتە لە سیاسەتی لیبراڵدیموکراسیدا چەمکی خەڵک ناسیاسی و ناشۆڕشگێڕانە دەکرێتەوە، لەکاتێکدا خەڵک وەک *زیادەیەک* کۆنترۆڵناکرێت و لە ڕێسا و چوارچێوە دەردەپەڕێتە دەرەوە].

ئەو هەژموونەی کە پشتیبەستووە بە ڕێکەوتنی نێوان زەبر و زۆرداری و ئایدۆلۆژیا، وەڵامدەرەوەی ئەم شێوگە نائاسایی و لەناکاوە سیاسی و مێژووییانە نیە و چ لەوە باشترە کە وەڵامدەرەوەش نیە. چونکە دەرفەتی ڕزگاریی ئێمە لەوەدایە کە یەکێک لەم شێوگانە بتوانێت ڕزگارمانبکات. ئەم باسە بەردەوامی هەڵدەگرێت و ئومێدەوارم ئەو دۆست و هاوڕێیانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییەکیان بە لیبراڵیزمەوە هەیە درێژەی بدەنێ. چونکە لە ڕەوش و هەلومەرجی قەیراناویی ئەمڕۆدا، ئایدیاکان مانای خۆیان وەردەگرن و دەتوانن هەڵگری کۆمەڵێک گۆڕانکاری بن کە ئەگەر و ئیمکانی مرۆڤبوون و و بەمرۆڤمانەوەمان پێدەبەخشن

سەرچاوە:

سیمینارێکی تایبەت کە سەرەتا دەنگ بووە و پاشان خراوەتە سەر کاغەز: ملاحظاتی در باب اندیشه لیبرال، سایت تز ١١.